# لە نەخۆشخانەی کفری منداڵێکی ناسروشتی لەدایك دەبێت

راپۆرت: سامان کەریم



کاتژمێر 2,30دەقیقەی رۆژی 2006/10/11 لە نەخۆشخانەی گشتیی کفری منداڵێکی ناسروشتی دێتە دنیاوە کە دایک و باوکی عەرەبن و خەڵکی شاری باقوبەن, چەند رۆژێکە بۆ کاری جوتیاری هاتوون لە کفری نیشتەجآ بوون. ئەو منداڵە ناسروشتییە هەر لەگەلر لەدایک بوونیدا دوو (دان)ی گەورەی لە پێشەوە هەیە, هەردوو چاوی بریتییە لە دوو دڵۆپی خوێن, لوتی تەنها پارچە گۆشتێکی بچوکە و هەردوو برۆی نییە و پێستی هەموو گیانی شەقار شەقارە و خوێنی تێدا زاوە..

فەرەیدونی حاجی عەزیز کە ئەو ماڵە عەرەبەی لە لای خۆی نیشتەجآ کردووە, بە (زەنگ)ی راگەیاند, کە دایکی منالەکە, کە ناوی (سهاد عونی حسين)ە بەهیچ جۆرێک ناوێرێت نزیکی منداڵەکەی ببێتەوە چونکە لێی دەترسێت, هەروەها باوکی منداڵەکەش کە ناوی (زياد محمد ێالح)ە تەنها دەگرێت و هیچ لێدوانێکی نەبوو بۆ (زەنگ).

شایانی باسە بەپێی لێدوانی دایک و پوری منداڵەکە, لە بنەماڵەکەیاندا تا ئێستا منداڵی وایان نەبووە و پێشتریش تەنها کورێکیان بووە کە تەمەنی دوو ساڵە و بەشێوەیەکی سروشتیش هاتوەتە دنیاوە.

ئەم منداڵە, کە کچە, لە سکی دایکیدا بووە ئەو کاتەی ماڵیان لە باقوبە دەبێت تۆپبارانی ماڵیان دەکرێت, بۆیە وەک خۆیان ئاماژەی بۆ ئەکەن کە پێدەچێ کاریگەری ئەو تۆپبارانە بێت کە کاری کردبێتە سەر ئەوەی ئەم منداڵە بەو شێوەیە لەدایک بێت.

جێگای ئاماژە پێدانە سەرچاوەیەک لە نەخۆشخانەی گشتیی کفرییەوە رایگەیاند, کە ئەوە یەکەم حاڵەتی لەو شێوەیەیە تا ئێستا لە نەخۆشخانەکەدا روو بدات.

دوای دوو رۆژ, لەبەر خراپی باری تەندروستی, منداڵەکە هەر لە کفری گیان لەدەست دەدات.